UK Health Security Agency

# دەربارەی هەوکردنی جگەری جۆری ئەی

هەوکردنی جگەری جۆری ئەی نەخۆشییەکی درمە (تووشکەر) و تووشی جگەر دەبێت. چارەسەری بۆ نیە، بەڵام زۆربەی کەسەکان لە ماوەی 6 مانگدا چاك دەبنەوە. لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا ڕەنگە هەندێك کەس تووشی نەخۆشییەکی سەختی جگەر ببن. کوتان و پاکوخاوێنی باش باشترین ڕێگایە بۆ دوورکەوتنەوە لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە.

## هۆکارەکان و بڵاوبوونەوە

هەوکردنی جگەری جۆری ئەی بەهۆی ڤایرۆسێکەوە دروست دەبێت. ڤایرۆسەکە لە پیسایی کەسێکی تووشبوودا دەژی. لەوانەیە لەسەر ڕووی شتەکان بۆ چەند کاتژمێرێك بژی و لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زیاتر لەسەر دەست و لەسەر خۆراك بمێنێتەوە. بە ئاسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا بڵاودەبێتەوە.

## نیشانەکان

نیشانەکانی هەوکردنی جگەری جۆری ئەی بریتین لە:

- پلەی گەرمی بەرز
- نیشانەکانی هاوشێوەی ئەنفلۆنزا
- هێڵنجدان
- زەردوویی (زەردبوونی پێست و سپێنەی چاو)
- پیسایی ڕەنگی خۆڵەمێشی یان میزی قاوەیی تۆخ

هەندێك لە منداڵان هیچ نیشانەیەکیان لەسەر دەرناکەوێت بەڵام هێشتا دەتوانن هەندێکی تر تووش بکەن.

## چۆن تووشی نەخۆشیەکە دەبیت

لەوانەیە تووشی هەوکردنی جگەری جۆری ئەی بیت لە:

- خواردنەوەی ئاوی ناپاك
- خواردنی خۆراکی پیس
- بەرکەوتنی جەستەیی نزیك لەگەڵ کەسێکی تووشبوو، لەوانەش سێکسکردن یان هاوبەشکردنی دەرزی بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

## ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە

دەستەکانت بە ئاو و سابون بشۆ:

- دوای چوون بۆ تەوالێت
- پێش خواردن یان ئامادەکردنی ژەمەکان
- دوای مامەڵەکردن لەگەڵ حەفازەی پیس یان کەسانی نەخۆش و جلەکانیان

ئەگەری زۆرە دوای دەستپێکردنی نیشانەکانت بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ڤایرۆسەکە بگوازیتەوە.

## کوتان

دەتوانیت ڤاکسینی هەوکردنی جگەری جۆری ئەی وەربگریت ئەگەر تۆ:

- لە ماوەی ٢ هەفتەی ڕابردوودا بەرکەوتنی جەستەیی نزیکت لەگەڵ کەسێکی تووشبوو بە نەخۆشیەکە هەبووە
- گەشت دەکەیت بۆ وڵاتێك کە هەوکردنی جگەری جۆری ئەی زیاترە
- نەخۆشی درێژخایەنی جگەر یان هیمۆفیلیایان هەیە
- پیاوێکن کە سێکس لەگەڵ پیاوان دەکەن
- لە کارێکدا کار دەکەیت کە مەترسی تووشبوونت بە ڤایرۆسەکە زۆر بکات، وەك کرێکاری ئاوەڕۆ

## زیاتر بزانە دەربارەی هەوکردنی جگەری جۆری ئەی

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەوکردنی جگەری جۆری ئەی و نیشانەکانی سەردانی ماڵپەڕی ئین ئیچ ئیس بکەن لە nhs.uk/conditions/hepatitis-a/یان کۆدی کیوو ئار سکان بکەن.

**دەزگای ئاسایشی تەندروستی بەریتانیا**
**خۆئامادەکردن و خۆپاراستن و وەڵامدانەوەی هەڕەشە تەندروستییەکان**
**ڕزگارکردنی ژیان و پاراستنی بژێوی ژیان.**